

پ.ی.د. فوئاد رەشید

# قەیرانی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە گوتاری رۆشنبیری کوردیدا

## ١–٢

بەر لە هەموو شتێک بەپێویستی دەزانم ئەوە بەخوێنەر رابگەیەنم کە ئەرکی ئەم نووسینە، پتر خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی ئەو وتارو نووسینانەیە کە بەدرێژایی (٤٠) ساڵی رابردوو بەشێوەیەک لە شێوەکان قسەیان لەسەر کێشە و قەیرانی رەخنەی ئەدەبی کوردی کردووە. ئەمەش بەو مەبەستەی چاوپێداخشانەوەی ئەم نووسینانە و بزانین رۆشنبیران و نووسەرانی کورد بەچی زمانێک لەچی گۆشە نیگایەکەوە بزاقی رەخنەی ئەدەبی کوردییان هەڵسەنگاندووە؛ لەلایەکی دیکەشەوە بایەخی ئەم

پێداچوونەوە و چاوپێداخشانەوەیە لەوەدایە کە دواتر دەردەکەوێت خودی ئەم نووسینانە بۆ خۆیان قەیراناوی بوونە و ناڕاستەوخۆ بوونەتە بەشێک لە قەیرانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و خودی ئەم نووسینانەش پێویستیان بەشیکردنەوە و لێوردبوونەوەیە، ئا لێرەوە پێویستبوونی ئەم شیکردنەوەیە، دەبێتە بەهانەیەکی بابەتییانەی ئەم نووسینەی ئێمە.

لەو سۆنگەیەوە کە بەرهەمە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ـ بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا ـ لە ئامێزی ڕۆژنامەڤانی کوردیدا لە دایک بووە، بۆیە بۆ هەر پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانای کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە بەسەر چۆنیەتی و چەندایەتی ئەم بزاڤەوە.

دیارە لەم چوارچێوەدا گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ ـ ١٩٤٩) لە ریزی پێشەوەی ئەو گۆڤارانەوە دێت کە بەشێوەیەکی گشتی پێگە و جێگەیەکی دیاریان هەبووە لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا(*).

لە میانی بایەخدانی گۆڤاری "گەلاوێژ" بەڕەخنەی ئەدەبی، سەرپەرشتیکارانی گۆڤارەکە، چەند لاپەڕەیەکیان بۆ نووسینی ڕەخنەیی تەرخان کردووە، بەڵام دواتر لە بەر زاڵبوونی لایەنی شەخسی و بەکارهێنانی زمانێکی زبرو پلاراوی بەسەر ئەو جۆرە نووسینانەدا کە بەناوی ڕەخنەوە بڵاوکراوەتەوە، کاربەدەستانی گۆڤارەکە ئەم بەشە تایبەتییەی ڕەخنەیان داخستووە. سەبارەت بەهۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیەی سەر لاپەڕەکانی گۆڤاری "گەلاوێژ"، د. پەرێز سابیر دەڵێت «پێش هەموو شتێ بۆ ئەوە دەچین کە هۆی سەرەکی ئەمە، ئەوە بوو کە ڕەخنەگر کاتێک هاتووە ڕەخنەی لە شیعرێک گرتووە شێوازی ڕەخنەگرتنەکەی توندوتیژ بووە، جاری وا هەبووە هەستی شاعیری بریندار کردووە؛ بۆیە بەرامبەر بەمە شاعیرەکەش بێدەنگ نەبووە و توندوتیژیی وەڵامەکەی زۆرجار لە توندوتیژیی ڕەخنەکەی ئاڕاستەکراوە کەمتر نەبووە. هەر بۆ نموونە سەرنجدانێک لەو وتارە ڕەخنەیی و وەڵامدانەوانەی لەلایەن "ڤایەق بێکەس" و "پیرەمێرد" و "میرزا مارف" و.. هتد کە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە، ڕاستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنن»(١).

کەواتە ئامادەبوونی ئەم نووسین و وتارە بەناو ڕەخنەییانەی کە پتر پلار و پەلاماربوون، بەردەوامبوونیشیان لە ساڵانی پەنجاکاندا، بوونە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەر زوو هاوکات لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەندێ لە نووسەران قسە لەسەر

قەیرانی رەخنەی ئەدەبی کوردی بکەن.

لەم میانەدا وتاری (أزمة النقد الأدبي الكردي) کە لە نووسینی "حسین محەمەد سعید". کە لە رۆژنامەی (التـآخي) لە ژمارە (٣٢٨) ی ڕێکەوتی ١٩٦٨/٨/٢ لاپەڕە سێدا بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین وتارە لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەناونیشان و ناوەرۆکەوە تەرخان کرابێت بۆ قسەکردن لەسەر قەیرانی رەخنەی ئەدەبی کوردی.

## قەیرانی رەخنەی ئەدەبی کوردی - لە ١٩٦٨ تا ٢٠٠٨

"حسین محەمەد سعید" لە وتاری ناوبراویدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە، بەڵام رەخنە ئامادەبوونێکی دروستی نییە، بەو مانای ئەوەی بەناوی رەخنەوە نووسراوە «... رەخنە نییە بەڵکو ڕایەکی تایبەتییە پشت بەهیچ بنچینەیەکی ئەدەبی یا فیکری نابەستێت...»[٢]. لێرەوە نووسەر دەگاتە ئەو ڕایەی «.. رەخنەی ئەدەبی کوردی بوونی نییە»[٣] و لە کۆتاییدا نووسەر کاکڵەی قەیرانی رەخنەی کوردی لەوەدا دەبینێت کە «قوتابخانەیەکی رەخنەییمان نییە..»[٤]؛ هەر بۆیەش نووسەر داوا دەکات کە هەوڵ بدرێت بۆ دامەزراندن و داڕشتنی «قوتابخانەیەکی رەخنەیی کوردی»[٥] کە بارودۆخی ژیانی نووسەر و ئەدەبی کوردی لە بەرچاو بگرێت. جێگەی سەرنجە نووسەر لەلایەک دەڵێت رەخنەی ئەدەبیمان نییە بەمانا دروستەکەی رەخنە، لەلایەکی دیکەشەوە داوای قوتابخانەیەکی رەخنەیی سەربەخۆی کوردی دەکات، دیارە داڕشتن و دامەزراندنی قوتابخانەیەکی رەخنەیی لە هیچەوە دروست و بنیات نانرێت.

ئەو سەرنجەی نووسەر لەجێی خۆیدایە کە لە کاری رەخنەییدا ژین و ژینگەی نووسەرو دەقی خۆماڵی لە بەرچاو بگیرێت، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە و هەبوونی قوتابخانەیەکی رەخنەیی سەربەخۆی کوردی بابەتێکی ترە کە پێمانوایە لەم لایەنەوە زۆر وردنەبووە.

## رەخنەی ئەدەبی.. لایەنەکانی و جێگەی لە جوڵانەوەی رۆشنبیری کوردیدا، فوئاد حەمە خورشید [٦].

فوئاد حەمە خورشید لەم نووسینەیدا هەوڵی داوە، خۆی گوتەنی لە "پێداچوونەوەیەکی کورتدا" ئاست و باری رەخنەی ئەدەبی کوردی بخاتە روو. لێرەشەوە ئاماژەی بۆ چەند خەوشێکی بزاڤی رەخنەی ئەدەبی کوردی کردووە، وەک: "خوودیبوونی نووسینەکان و ئامادەبوونی زمانێکی ورووژێنەرانەی شەڕفرۆشانە، دیاردەی پیاهەڵدان و بەلایەکدادان".

دواتریش ئاماژەی بۆ کاریگەری و شوێنەواری ئەم خەوشانە کردووە، بەوەی کە بارێکی خراپی هێناوەتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە «رەخنەی ئەدەبی لە راستیدا نەیتوانیوە هاوشانی بەرهەمە ئەدەبییەکان هەنگاو بنێت و لە چارەسەرکردنی مەسەلە ئەدەبیە هاوچەرخە گرینگەکانی ئەدەبی کوردیدا سەرنەکەوتووە»(٧).

## دەربارەی رەخنە و رەخنەی ئەدەبی کوردی، کەمال مەمەند میراودەلی(٨)

میراودەلی لەم نووسینەیدا خوێندنەوەیەکی کورتی بۆ هەردوو بەرهەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ـ رەفیق حیلمی) و (الواقعیة في الأدب الکردي ـ عزالدین مصطفی رسول) کردووە، لە پاڵ ئەمەشیدا زۆر بەکورتی ئاماژەی بۆ رووبەکی کێشەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی کردووە و نووسیویەتی «بارودۆخی نالەبارو نەبوونی گۆڤارو رۆژنامەی ئەدەبی تەواو، کە گرینگی بەئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بدەن، لەو هۆیانەن کە بوونەتە بەرهەڵستی پێشکەوتنی نەک تەنها رەخنەی ئەدەبی کوردی بەڵکو ئەدەب و نووسینی کوردی، بەشێوەیەکی تێکرایی(٩). دیارە نووسەر سەرنجی ئەوەی داوە کە نووسینە بەناو رەخنەییەکانی نێو گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە «زۆربەیان لە زەوقی تاکە کەسییەوە..» سەرچاوەیان گرتووە و «رەخنەکان سیفەتی ئینتیباعات و بیروڕای کەسییان بەسەردا زاڵە»؛ بۆیە « بڵاوکردنەوەی رۆشنبیرییەکی رەخنەیی» و هەبوونی «گۆڤارێکی ئەدەبی کە گرینگی بەڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بدات» بەچارەسەرێکی ئەو بارە نالەبارە دەزانێت.

## لە بابەت بەراوردکردنی رەخنەی ئەدەبی کوردی بەڕەخنەی بێگانەوە، فوئاد ئەنوەر عومەر(١٠)

نووسەری ئەم نووسینە ڕەخنە لەو جۆرە رۆشنبیرانەی کورد دەگرێت کە بەبێ رەچاوکردنی هەلومەرجی زاتی و بابەتییانەی رۆشنبیری کوردی، هاتوون ئاستی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کوردی لە بەرامبەر "رەخنەی ئەدەبی بێگانە" رادەگرن و لەم بەراوردکردنەوە ئاماژە بۆ کێشەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەکەن.

لە سەروبەندی رەخنەگرتن لەم جۆرە بەراوردکارییە ـ کە نووسەر پێیوایە لە جێی خۆیدا نییە ـ ئاماژە بۆ سێ کێشە و گرفتی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات کە بریتین لە "لاوازی رەخنەی ئەدەبی کوردی، و ئاستی نزمی رەخنەی ئەدەبی کوردی و کزی دەنگی رەخنەی کوردی"

نووسـەر لەم ئاماژەکردنەیدا مەبەستی ئەوەیە کە پێویستە هۆکاری ئەم کێشانە بگەڕێنرێتەوە بۆ دژواری و نالەباری بارودۆخی فیکری و ڕۆشنبیری نووسەران و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان و لە نێو چوارچێوەی قۆناغی مێژوویی کۆمەڵی کوردەواریدا، چۆنیەتی و چەندایەتی ئەم کێشانە دیاری بکرێن؛ بۆیە نووسەر پێیوایە بێ ڕەچاوکردنی باری تایبەتی ڕۆشنبیری کوردی، ئەوا «بەراوردکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەڕەخنەی بێگانە.. بەرد بەبەردا کێشانە و هیچ دەستکەوتێکمان ناداتێ و هەڵوێستی ڕاست بەگژاچوونیەتی..»(١١).

## لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کێشەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، سەباحی غالب(١٢)

سەباحی غالب ئەم لێکۆڵینەوەیەی خۆی بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەش کردووە "نیگایەکی مێژوویی بەلای ڕەخنەی کوردیدا، لە نێوان ڕەخنەی کوردی و ڕەخنەی پێشکەوتوودا، نەخۆشییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چارەی ئەم دیاردەیە" ئەوەی لەم ناونیشانانەدا ڕاستەوخۆ پێوەندە بەباسەکەمانەوە، ناونیشانی «نەخۆشییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە». نووسەر لە ژێر ئەم ناونیشانەدا هەوڵی داوە پەنجە بخاتە سەر کێشە و گرفتەکانی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. لەم میانەدا نووسەر دوای ئەوەی بەگشتی نووسینە ڕەخنەییەکانی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بەبەرهەمێکی نابابەتیانە لە قەڵەم دەدات و دەڵێت «ئێستا ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و جار جارەش لە شێوەی نامیلکە و کتێبۆڵکەدا بەناوی ڕەخنەوە بڵاودەبنەوە، یان بۆ دۆستایەتی و هەڵدانە یان بۆ شکاندن و لێدانە، کە هەردووکیان لە بایەخی ڕەخنە و پایەی ڕەخنەگر دێننە خوارەوە، بەتایبەتی و بەگشتی کۆمەڵێک دەردیان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دروست کردووە..»(١٣) ئینجا نووسەر بە شەش خاڵ ئاماژەی بۆ ئەم دەورانە کردووە کە بریتین لە "نەبوونی پرۆگرام، نەشارەزایی لە بەکارهێنانی زاراوە ڕەخنەییەکاندا، دواکەوتنی ڕۆشنبیری، کەمیی پسپۆرو شارەزایانی ڕەخنە، نزمی ورە و لاوازی کەسایەتی، دابەشکردنی خوێنەرانی کورد بەسەر چەند بەرەیەکەوە".

بەر لەوەی باسی ئەوە بکەین کە نووسەر چۆن لەم کێشانە دوواوە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، نووسەر لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکاندا، هۆ و ئەنجامی تێکەڵ کردووە، بەوەی بەشێوەیەک بابەتەکەی خستووەتە ڕوو کە هەبوونی نووسینی پلار ئامێز و ستایشکارانە بوونەتە هۆی ئامادەنەبوونی میتۆد و پلان و پرۆگرام، بەڵام لە ڕاستیدا

پێچەوانەی ئەمە دروستترە؛ چونکە پابەند نەبوون بە میتۆدگەراییەوە، نووسینی زاتی و ئارەزوومەندانەی تاکەکەسی دێنێتە ئاراوە. کاتێ رەخنەگرێک پشت بەهیچ رێباز و پرۆگرامێک نەبەستێ، دیارە ئەو وەختە بیروبۆچوونی تاکە کەسیی خۆی بالادەست دەبێت لە کارە رەخنەییەکەدا.

### پەراوێزەکان:

* لەم بارەوە بۆ زیاتر ئاگاداربوون بڕوانە:
* محەمەد دلێر ئەمین ئەحمەد، رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.
* د. پەرێز سابیر، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی ا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٩ ـ ٣١.

(١) د. پەرێز سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ ـ ٣١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٩٣.

(٣)، (٤)، (٥): حسين محمد سعيد، أزمة النقد الأدبي الكردي، جريدة التآخي، ٣٢٨، ١٩٦٨/٨/٢ ص ٣.

(٦) بڕوانە: گۆڤاری "رۆشنبری نوێ" ژ ٥١، ١٩٧٦، ل ٢٠ ـ ٢٣.

جێی ئاماژەیە ئەم وتارە لە بنەڕەتدا بەعەرەبی نووسراوە و سەلاح شوان کردوویەتی بەکوردی.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

(٨) کەمال مەمەند، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و رەخنەی کوردی، چاپخانەی "الحوادث"، بەغدا،

١٩٨١ ، ل ٤٩. دیارە ئەم نووسینە یەکەم جار لە "بیری نوێ" ژمارەی رۆژی ١٩٧٦/٤/١٠ بڵاوکراوەتەوە، هەر وەکو نووسەری خۆی لە ل ٦٠ کتێبی ناوبراویدا ئاماژەی پێ داوە.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

(١٠) گۆڤاری "بەیان" ژ "٤٨" ١٩٧٨، ل ٥ ـ ٧.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل ٧.

(١٢) بڕوانە گۆڤاری "رۆشنبیری نوێ" ژ ٧٣، ١٩٧٩، ل ٦٧ ـ ٧٤.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.